# بالوێزی عیراقی فێدرال لە هۆڵەند پێشوازی هونەرمەندان دەکات... خالد شەیدا



لە شاری لاهای رۆژی هەینی ١٨/١١/٢٠٠٥ بەڕێز سیامەند بەننا باڵوێزی عیراقی فێدرال بەگەرمی پێشوازی کرد لە هونەرمەندان ئەندازیار هیوا جەمال بەرێوەبەری تیپی مۆسیقای ئازادی و هونەرمەند ڕزگار ڕەنجەڕۆ وە دۆستی کورد بەڕێز سان گراتسما بەرێوەبەری کۆمپانیای مۆزاییک ڤیڤانتی هۆڵەندی.
پاش بەخێرهاتنێکی گەرم سەرەتا باڵوێزی بەڕێز رۆڵی هونەر و هونەرمەندانی زۆر بەرز نرخاند بە تایبەتی رۆڵی هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای ئازادی کە لەم دوایەدا بەشداری چەندین فێستیڤاڵی جیهانیان کردووە بە هاوکاری کۆمپانیای مۆزاییک ڤیڤانت و رۆڵی بەرچاوی بەڕێز سان گراتسما لە ناساندنی مۆسیقا و گۆرانی کوردی بە جیهانا وە ئامادەیی خۆشی دەربڕی کە هاوکاری تەواوی پرۆژەکانی تیپی ئازادی و مۆزاییک ڤیڤانت بکات هەر لەمیانەی ئەو پێشوازیەدا بەڕێز سان گراتسما بە ناوی کۆمپانیای مۆزاییک ڤیڤانت سوپاسی هاوکاری وپاڵپشتی مامۆستا سیامەند بەننای کردو چەندین پرۆژە و پێشنیاری خستە بەردەم بەڕێزیان بۆ زیاتر گەشەسەندنی مۆسیقا و گۆرانی کوردی، هەروەها هونەرمەند و ئەندازیار کاك هیوا جەمال بە کورتەیەك لە چالاکیەکانی تیپی مۆسیقای ئازادی بەڕێزیانی ئاشناکرد بەتایبەتی ئەو فێستیڤاڵە جیهانیانەی کە ئەم ساڵ تیایدا بەشدار بوون وە ڕوونیکردەوە لەم بارودۆخە ناسکەی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتیبەتی هونەر و مۆسیقا تەنها ڕێگەیە وە باشترین شێوازە بۆ ناساندنی شارستانیەتی هەزاران ساڵەی گەلەکەمان بە جیهانی دەرەوە هەروەها کاك هیوا




پێشنیاری بەرێزیانی کرد کە بە پێویستی دەزانین تیپەکەمان لەو وولاتە بە فەرمی بناسرێت و نامەی پاڵپشتی بەرێزتان گرینگە بۆ بە فەرمی ناسینمان هەمان کات جەنابی باڵوێز نامەیەکی پاڵپشتی بۆ تیپی ئازادی نووسی کە بتوانین زیاتر پەرە بە چالاکیەکانمان بدەین هەروەها ڕایگەیاند کە ئاهەنگی نەورۆزی داهاتوو دەخەمە سەر ئەستۆی تیپی ئازادی و لە هەموو چالاکیەکانی هونەری باڵوێزخانەی عیراقی فێدرال رۆڵی سەرەکیتان دەبێت، وە بەرێزیان ڕووی کردە هونەرمەند ڕزگار ڕەنجەڕۆ و وتی من وەك کوردێك کە لە شاری کۆیە کە بە شاری شاعیران و هونەرمەندان ناسراوە پەروەردەکراوم و خۆم بە نزیکترین دۆستی هونەرمەندان دەزانم و سڵ ناکەمەوە لە هاوکاری وپاڵپشتی بۆ هونەر و هونەرمەندان.
هونەرمەند ڕزگار ڕەنجەڕۆ لە وەڵاما وتی ئێمە پشت ئەستوورین بە هاوکاری و دلسۆزی بەرێزتان و سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەین.